لێبێت وەرەچولەکی ئاینیەی جولەکە دوژمنیان بوو وە (( کۆمەڵەی فیلیای خەزاوە )) دروست بوو لەساڵی ٣٤ز وەبەسەرۆکایەتی پاشا هیرۆدس ئەگریپا وەچەند ئەندامێکە لەوانەش حیرام ئابیود وەئامانجی دژایەتی شوێنکەوتوانی عیسای کوڕی مریەم سەلامی لێبێت.

سەرەوها هەندێک لە ماسۆنیە مەسیحیەکانی پاڵەکانی پاپا ساڵی ١٦٦ کۆچی وەدوەچاری چەوسانەوەبوون لەلایەن ئیمپراتۆری ڕۆمانی ئەوکاتە، وەئامانجی ئەو ماسۆنیانە جێبەجێکردنی پیلانە زایۆنیزمیەکانیان بونیادنانەوەی هەیکەلی سولەیمان وەدامەزراندنی دەوڵەتێک بۆیان لەفەلەستین، وە چەوسانەوەی ماسۆن لەلایەن ڕۆمانیەکانەوە لەبەرئەوەی شوێنکەوتوانی ئاینی مەسیحی بوونە وەچەوسانەوەکە بەردەوام بووە هەتا ساڵی ٢٠٠ کەئیمپراتۆر (( ساقار )) ڕێگەی پێدان بە دامەزراندنی ئەنجومەنێک بۆیان لە بەریتانیا وە ئیمتیازات وەهەندێ ماڤیشیانی داوەتێ هەتا هەستن بەدروستکردنی شورایەک لە بەریتانیا بۆ پارێزگاری کردنی سەرزەوەکەی لە هێرشەکانی ئیسکتلەندیەکان.

وەلە سەردەمی ئیمپراتۆری قوستەنتینیەکان کە دەستیان کردە ملی مەسیحیەکان لە ساڵی ٣٢٥ ماسۆنی بڵاو بووەوە وەپیاوانی ئاینی مسیحی چونە ناو ماسۆنیەوە، وەبەم شێوەیە ماسۆنیەکان توانیتیان تێکەڵی مەسیحی بن وەیاسای قەشەیی زیادکرد لەنهێنیەکان و نازناوەکان وەجلوبەرگ وە ئەوانی[1].

****

١) سەیری (الموسوعه الماسونیه) ـ حنا أبوراشد ـ بکە.

پ۱۰: ماسۆنی دروشمی (( سەربەستی و برایەتی و یەکسانی )) وەنەوەش هەمان دروشمی شۆڕشی فەرەنسییە، ئایا پەیوەندی ئەم دروشمە چییە بەبیروباوەڕی ماسۆنی پیلانگێڕی، وە واتای سەربەستی چییە لە ئیسلام وەبەپێوانەی سەربەستی لەماسۆنیدا؟

وەلام: بەڵێ هەرچەند ئەم پرسیارە درێژ بوولەدەربڕینی، بەلام گرنگە وەلەبەردەمان ئاسۆیەکی پان دەکاتەوە بۆئەوەی بزانین سەربەستی چییە لەئیسلام و وەلەلای ماسۆن.

سەربەستی لەئیسلام واتە ڕزگاربوون لە پەرستن جگەبۆخودای گەورە نەبێت، بەلام واتای سەربەستی لای ماسۆنی واتە ڕزگاربوون لە ئاین وبەهاو ڕەووشت.

لەبڵاوکراوەیکی ماسۆنی هاتووە لەساڵی ۱۹۳٥ کە لەلەندەن دەرچووە:((ئاواتمان ئەوەیە کەکۆمەڵێك لەخەڵك ڕێکبخەین بۆئەوەی ئازادی سێکسی بن، ئەمانەوێ کەسانێك دروستکەین کەشەرمناکەن لە ئەندامی زاوزێیان)).

ئایا بینیت جیاوازی نێوان هەردوو ئازادیەکە، جیاوازیەکی گەورەی بەرفراوانە، لەلای ماسۆن واتە ئازادی ڕەووشت وەلەبەر ئەوە یانەی ڕوتیان دامەزراند لەزۆرێك لەووڵاتان، بەهەموو هۆکارێك بەرفراوانیان کردەوە بۆ وێرانکردنی بەرگری گەلان جگە لەجوولەکە وە لەناوبردنی بنەمای ڕەووشت، وەبرایەتی لای موسوڵمان مسوڵمان برای موسوڵمانە..

بەلام برایەتی لەڕوانگەی ماسۆنیەوە، ئەوەیە کە بەشەر بەرەچاوکردنی ئاینەکەیانەوە بران، وەلەگەورترین دروشمەکانیان: ئاینەکان دورماندەکەنەوە لە یەکتری وەماسۆنی کۆماندەکاتەوە..

وەیەکسانی لەڕوانگەی ئیسلامەوە واتە هەموو موسوڵمانێك وەك یەکن.

بەلام یەکسانی لەلاماسۆنی بەواتای یەکسانی لەنێوان هەموو خەڵکیدا بروادارووبێبڕوا، بەڕەووشت یان ڕەووشتی نەبێت.

# ٧

# ئايينى ماسۆنى

ــ ئەنجومەنى ماسۆنى چییە؟

ــ شێوەو ئەنجومەنى ماسۆنى چییە لەناوەوەو وەگرنگترین هێماكانى؟

ــ باسى دانیشتنێك لەدانیشتنەكانى ماسۆن لەئەنجومەنەكانیان.

ــ مەراسیمى دامەزراندنى ئەندامى نوێ لەبرایەتى ماسۆنى چى یە؟

ــ چۆن داواى ئەندامێتى لەبرایەتى ماسۆنى دەكرێت؟

هاوڕێکەم ووتی: ئەمانەوێ شارەزابین لەسەر ئەنجومەن یان هەیکەلی ماسۆنی کە ئەو پەرستگایەیە کە نهێنیەکی زۆر لەخۆ دەگرێ و پرسیارەکەش ئەمەیە:

پ41: ئەنجومەنی ماسۆنی چییە؟

وەلام: ئەنجومەنی ماسۆنی ئەوشوێنێی کۆبونەوەی ماسۆنیەکانە وەلەپێشداپێیان ئەوت هەیکەلی((سلێمان)) وەدوای دروستبونی ئەنجومەنی ماسۆنی گەورە لەلەندەن ساڵی ١٧١٧ ناوی هەیکەل گۆردرا بۆ ئەنجومەن.

ئەنجومەن یان هەیکەل شانەیەکی سەرەکیە لەماسۆنیەتدا، وەئەشێت بۆهەر حەوت ماسۆنی ئەنجومەنێکی تایبەت بە خۆیان دروست بکەن ، وەئەنجومەن پەنجا ئەندام لەخۆ دەگرێت ، وەکۆبونەوەکانیان پانزە ڕۆژ جارێکە وەماسۆن جلوبەرگی تایبەتی بەخۆیان ئەپۆشن.

****

پ42: شێوەی کۆبونەوەی ماسۆن چۆن دەبێت لە ئەنجومەنەکانیان؟

وەلام: پلەو پایە لە ئەنجومەن ڕێک ئەخرێت لەنێوان ئەندامەکان بەڕێگەیەك لەڕێکخستنی سەربازەکان ئەچێت لێرەدا پلەی فەرمانبەرە هەمیشەییەکان وەك مامۆستای گەورە وەمامۆستاگەورەکانی پێشوو وەجێگری مامۆستای گەورە وەیاریدەدەری جێگری مامۆستای گەورە وە وەیاریدە دەرانی جێگرانی مامۆستایانی گەورەکانی پێشوو وەدەسپاکی گەنجینەی گەورە، وەڕازگری نهێنی گەورە وە یاریدەدەری ڕازگری نهێنی گەورە، وەدووماستەری گەورە وەدووڕابەری گەورە.

****

شێوەی ئەنجومەن چۆنە لەناوەوە؟ وەگرنگترین هێماکانی چین؟

وەلام: لەئەنجومەن دووکۆلەگەهەن وەئەمانەش هێزو جوانین کۆلەگەی جوانی پێی ئەلێن یاکینی وە نەخشی پیتی G لەسەرکراوە وەڕێزی بۆدائەنێن کەپیتی یەکەمە لەناوی یاکین یان ((جاکین)) وەئەویش یەکێکە لەدوانزە کورەکانی یەعقوب سەلامی خوای لێبێت، وەکۆلەگەی هێز پێی ئەلێن ((بوعز))وەنەخشی پیتی Bی لەسەرکراوە وەبوعز باپیرەی چوارەمی پێغەمبەر سولێمانە سەلامی خوای لیبێت، بەلام ڕاستیەکەی پیت(( G )) هێمایە بۆ ووشەی خودا بەئینگلیزی وەمەبەست لای ئەوان مەسیحی دەجالە.

وە ئەلێن: ئەم دووکۆلەگەیە ئەندازیاری گەورە حیرام بنیات نەری هەیکەل داینــاوە،وە ڕەنگی یەکێکیان سورە وەئەویتریان سپیە کەهێمان بۆ خۆرو مانگ واتا پۆزەتیف و نێگەتیف.

وەلەهێماگرنکەکانی ئەنجومەن ئەستێرەی شەش تیشک وەئەوەش بریتیە لە دووسێگۆشە یەکێکیان سپیە و ئەویتریان ڕەشە. ڕەنگی سپی بەمەبەستی پیرۆزی و هێزی گیانی دێت وە وەسێگۆشە ڕەشە هەڵگەڕاوەکە هێمایە بۆ نەبون وە بۆخواست وەبۆ هێزی زەوی.

وەسێگۆشەی لایەکسان هەیە وەلەناوەڕاستیدا چاویکی تیایە کەئەو چاوە هێمایە بۆ چاوی مەسیحی دەجال کەچاودێری هەمووشتێك ئەکات لەجیهان.

وە بنمیچی ئەنجومەن نمونەیە بۆ ئاسمانی شین کەکەسی بۆ بەرز نابێتەوە تەنها بە پەیژەی ئەنجومەنی ماسۆنی نەبێت

وەلەکەرەستەی ئەنجومەن ئامێرەکانی ئەندازەی کەلە بینا سازیدا بەکار ئەهێنرێت وەك گۆشە و شاوڵ وە بەمشێوەیە گۆشەی ئەندازەیی هێمایە بۆ پێویستی ئیشکردن بەپێی یاسای ماسۆنییە وەڕۆیشتنی بەپێی پلانە داڕێژراوەکانە, وەگوبان کە ئامێرێکە بۆ

پێوانی ڕاستی بینا بەکاردێت هیمایە بۆئەوەی کە مرۆڤ هەمووی لەیەك بنچینەن، وەشاوڵ هێمایـە بـۆ پێویسـتی ڕێکـی و دادوەری، وە واتاکـانی ئـەم هێمایانـە جیـاوازن لـە ئەنجومەنێکەوەبۆئەنجومەنێکی تری ماسۆنی.

هۆڵی ئەنجومەن بەزۆری لەسەر شێوەی خشتەکی دوولایـە، وە ئـەم یەکەیـە پێویست نیە وەجەوهـەریش نیـە بـەڵکو ئـەتوانرێ هـەرژورێکی لاکێشـەیی بـەکاربهێنرێت لـە پێناو دیـاریکردنی ئاراسـتەکان، ئەنجومـەنیش وەکـو کەنیسـەکان ڕوبکاتـە دوولای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوا.

ئەو دەرگایەی ڕووی لەژووری بەرامبەرە ئەکەوێتـە گۆشـەی بـاکوری ڕۆژئـاواوە، بـەڵام برایانی ماسۆن ((برایان)) دائەنیشن بەڕیز بەدرێژایی پێشەوەی باکورو باشورو ڕۆژئاوا.

وەمامۆستای گەورە وە مینبەرەکەی لـە لای ڕۆژ هەڵاتـەوە ئـەبێت هـەروەها درووشمە سێگۆشەکەی وەلەسەر مینبەرەکەی سیگۆشـەیەك و پرگالێـك هەیـە لـەزیو یـان کانزایـەك ڕووپۆشکراوە بەئاڵتوون.

---

**پ٤٤:** دانشتنێك لەدانیشتنەکانی ماسۆنی لەئەنجومەنەکانیان وەسفکە بۆمان؟

وەڵام : هەروەك باسمانکرد هۆڵی ئەنجومەن بەزۆری لەسەر شێوەی خشتەکی دوولایە یان لاکێشـەیی وەپێویسـتە ئەنجومـەن ڕوبکاتـە دوولای ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا. مامۆسـتای گەورە لەسەر مینبەرەکەی دادەنیشێت لەلای ڕۆژهەڵاتـەوە، وە یاسـای پـیرۆزی ماسـۆنی لەسـەر مینبەرەکەیـە ڕێکخـراوە بـۆی لەگـەڵ سێگۆشـەیەك و پرکالێـك لـە زیـو یـان ڕوپۆشکراوە بە ئالتون.

مامۆستاکانی پێشوو لەلای ڕۆژهەڵاتەوە دائەنیشن، وەپێویستە زەویەکە لەسەرشێوەی

شەترەنجی بێت کە چوارگۆشەکان ڕەنگی سپی و رەشن ، وەئەشبێت کە بەرەبێت، وەهەروەها درووشمێك لەپیتی((G)) پێکهاتووە هەڵواسراوە یان وێنەی کراوە لە ناوەراستی بنمیچدا.

بەماداریکی گەورە لەسەرکورسیك کەژێرەکەی خرە دانیشتووە وەدرووشمەکەی تەرازووی بیناسازەکانە وەبە تەنیشت ژێری کورسیەکەی بەردێکی چوارگۆشەی ڕێك وپێك هەیە، وەتەنێکی شەشپاڵو هەڵواستراوە بەسێقاچی وەستاو.

وەبەمادارێکی بچوك دائەنیشێت لەسەرکورسیەك کە ژێرەکەی کۆنکریتە لەناوەڕاستی لای باکورەوە وەدرووشمەکەی شاووڵی بیناسازە.

وە لەلای هەردوو بەماداری بچوك و گەورە چەکوش و ئاراستەکەری دەنگ و کۆڵەگە هەیە، وەکۆڵەگەی بەمای گەورە بەتەختی داندراوە کاتێك کەئەنجومەن کرابێتەوە وە بە ستونی دائەنرێت ئەگەر ئەنجومەن داخراوبێت، وەکارەکە بەپێچەوانەوەیە سەبارەت بە بەماداری بچوك.

وەبەتەنیشت هەرسێ بنکەکەوە مۆم دانێك هەیە، وەئەبێت مۆمدانی مامۆستا بەردەوام داگیرساوبێت ئەگەر ئەنجومەن کراوەبێت، وەهەروەها سەبارەت بە هەردوو بەمادارەکەوە وەلەکاتی مەراسیمی بەرزکردنەوە بۆپلەی سێ ئەکوژێتەوە.

ماۆستای پێشوو لەسەر مینبەر دائەنیشێت ڕاستەوخۆ بەلای چەپی مامۆستای گەورە، خزمەتکارەکانی کەنیسە لای چەپی مامۆستای گەورەن ، وەپاسەوانی ناوخۆ لای دەرگا وەستاوە وەپاسەوانی دەرەوە لەدەرەوە ڕاوەستاوە لەلای ژووری بەرامبەر.

****

### پ١٤٥ مەراسیمی دانانی ئەندام ی نوێ لەماسۆنی چۆنە ؟

وەلام: ئامەنگی پەیرەوکراو لەدامەزراندنی هەر ئەندامێکی نوێ هەڵئەبژێردرێت وەك ئەندامێك لەکۆمەڵەی ماسۆنی یان برایەتی ماسۆنی یان هەرکامێك لە لقەکانی ئەوئامەنگی پت پەرستییە لەکۆندا داندراوە، وەسردراوەتەوە لە ئاینە پت پەرستەکانی کۆن وەلە دامێنانی گەورەی ماسۆنی پیلانگێڕی وەئەوەش دەجالی چاوەروانکراو و شوێنکەوتوەکانین وەك موئاب لامی و حیرام ئابیود وەپاشای هیردوس ئەکریبا، وەدامەزرێنەران لەکۆمەڵەی مێزی شاراوە کە ئەمانە بنچینەی دامەزراندنن.

وەدامەزرێنەرەکان ئەڵێن ئەو ئامەنگە ماسۆنیانە بۆتەرخانکردنی ئەندام یان بەرزکردنەوەی ویراسی لەباوباپیران وە ئەوە یەکێکە لە نهێنیەکانی ماسۆنی.

وە ئەو ئامەنگە ماسۆنیانە بۆدانانی هەر ئەندامێك کە پاشا هیرودوس داینـاوە وەك بەستنی چاو بۆئەندامی نوێ کە ئەو چوەتەناو ئەنجومەن، هیچ نابینێت لەناو ئەنجومەن یان هەیکەل هەتاسوێند ئەخوات،، واتە بەویستی خۆی ئەچێتە ژورەوە بەچاوبەستراوی وە لەدەرگا ئەچێتە ژورەوە بۆئەوەی بەداپۆشراوی بیبەن وەبیدەنەدەس کەفیلێك لەلایەن سەرۆك، ئەچرپێنێت بە گوێچکی کەسێ هەنگاو بڕوات بە هەنگاوی یەکسانی، بەپێی ڕاست دەسپێبکات وەلەنیوان دوودینگەدا ڕاینەگرێت.

سەرۆك ئەندامەکە بانگ ئەکات وەهەندێ پرسیاری لێئەکات ئەوجا سوێندی ماسۆنی ئەخوات.وە شمشێرێك بەدەست سەرۆکەوەیە ڕایگرتووە بەرامبەری ئەندامەکە کەسوێند ئەخوات وەلەبەردەمی(( تەورات )) بەدەست کەفیلێکدایە.وەدوای سوێند خواردنی ئەندامەکە چاوی ئەکەنەوە ئە بینێ شمشێرێك لەسەر گەردنیەتی وەتەورات لەبەر دەمیەتی. وەلەدوای ئەوە مێزەرێکی بچوك ئەکاتە سەری.

گۆڕانکاری و زیادەیەکی زۆر لەو مەراسیمانە کراوە، ئەمە نمونەیەکی کورت کراوەیە

هەرکێیەك ئەیەوێت بەدرێژی بیزانێت با تەماشای پەرتوکی (( أقدم تنظيم سري في العالم)) بکات.

****

پ٤٦: چۆن داوای ئەندامێتی پێشکەش ئەکرێ لە برایەتی ماسۆنی؟

وەڵام: ئەندامێتی لە هەربرایەتیەکی ماسۆنی لە جیهاندا بە هەڵبژاردنی ئەندام نابێت ، واتە بەپێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن ئەندامی نوێوە نابێت بەڵکو هەڵبژاردنی ئەندام بە زانیاری برایەتی ماسۆنی و ئەستۆپاکی لەدوو گەورە ئەندامی پلەکانی ماسۆنی.

****

پ٤٧: ئایا ماسۆنی ئافرەتان وەرئەگرن بەئەندام؟

وەڵام: ماسۆنی بەڕێکخراوێکی براتی دائەنرێت وەرێنادات بەوەرگرتنی ژنان لەماسۆنی کۆندا تەنها لە دۆخێی تایبەتدا نەبێت، وەلەوانەش بۆنمونە وەرگرتنی خاتو ئەلیزابیت ئۆڵ دورس ، وە چەند سەرچاوەیەك هەیە دڵنیای ئەکەنەوە ئەم ژنە بەڕێکەوت لە کونی دەرگایەکەوە ئاهەنگی متمانەدانی بە ئەندامی نوێی بەتەواەتی بینی، وەکاتێك ئیشەکەی ئاشکرابوو بریاردرا کەوەریگرن لەڕێکخراوەکە بۆ پاراستنی نهێنیەکە.

وەلەساڵی ١٨٨٢ لقی فەڕەنسا دەستی کرد بەوەرگرتنی ژنان. وەلەساڵی ١٩٠٣ دا لقەکانی ماسۆنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەستی کرد بەوەرگرتنی ژنان لە ڕیزەکانی. وەبەتێپەڕبوونی ساڵی ١٩٢٢ گەیشتە ٤٥٠ بنکە بۆژنانی ماسۆنی لە جیهاندا.

****

هاورێکەم ووتی: ئێمەت سوراندەوە لەناو ئەنجومەنی ماسۆنی وەئەوەش شوێنێکی گرنگە بۆ ماسۆن، وەئەمانەوێ زیاتر بزانین کەچی ڕوودەدات لەدانیشتنەکانی تەرخانکردنی ئەندامانی ماسۆنی لە هێماو سڵاوکردن وەئەوشتانەی لێك ئەچن لە ئاینەکانی کۆن وەپرسیارەکەش:

پ٤٨: ئایا هێماو سڵاوی تایبەتی هەیە لەمەراسیمی دانانی ئەندامانی نوێ و یان بەرز کردنەوە لە پلەکانی ماسۆنی؟

وەڵام : بەڵێ هێماو سڵاوی تایبەت هەیە کاتێك کە تەرخانکردن و وەرگرتنی ئەندامانی نوێ لە برایانی ماسۆنی یان بەرز کردنەوەی ئەندام لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر لە پەیژەی ماسۆنی.

****

پ٤٩: ئەوسڵاوو هێمایانە چین لە مەراسیمی تەرخانکردنی ئەندامی دەسپێکەر؟

وەڵام : هیما لەپلەی یەکەمدا وەئەوەش پلەی دەسپێکەرە کە قۆڵی ڕاستی درێژکردووە بە ئاسۆیی لەگەڵ شانی وەئانیشکی چەماوەتەوە، وەدەستی بەئاسۆیی داناوە وەپەنجە کەڵەی بۆلای چەپی سنگیەوەیەتی وە هێماکە کۆتایی دێت بەگوێرەی دەست بۆلای قورگ وەداگرتنی دەستی بۆتەنیشتی.

وە شێوەی تەوقەکردن بە پیانانی پەنجەکەڵە بە جومگەی یەکەمی پەنجەی دۆشاوەژە ئەبێت کەدەست ئەکەنە ناو دەستی یەکتری، وە ووشی یەکتر ناسین وشەی (بوعاز)ە.

****

پ٥٠: هێماو سلاو له پلەی دوو چییه؟

وەلام: تەوقەکردن به پیانی پەنجه کەڵه به نێوان هەردوو پەنجەی توتەو براتوتە، وه ووشەی یەکترناسین (بوعان)ه.

وەهێماکانی ئەو پلەیه ئەمەیه: هێمای دڵسۆزی بۆماسۆنی دەستی ڕاست لەسەر مەمکی چەپی دائەنێت وەپەنجەکەڵەی به قیتی بۆ سەرەوه ئەبێت.

وەسلاوکردن باڵ بەئاسۆیی ئەبێت له شانەوه بۆ ئەنیشك وەستونیه له ئەنیشکەوه بۆ ناولەپ، وه ئەشبێت باڵ بۆپێشەوه بێت لەسەر گۆشەیەکی وەستاوی لەش و ناولەپ ڕووەوڕاست وەپەنجەکه لەش بۆ دواوه یان بۆ لای تەنیشت بەڕێکی لەگەڵ لەشدا.

وەهێمای پاداشتیش هەیه وەئەمەش به ڕاکێشانی دەستی ڕاست به ئاستی سنگیدا وەداگرتنی بۆ لای تەنیشت، وەتەوقه کردن به پیانانی پەنجەکەڵه به جومگەی یەکەمی پەنجەی براتوته.

وه ووشەی یەکتر ناسین: (جاشین)ه وه به ووتن (یاقین)ه.

****

پ٥١: هێماو سلاوی بەرزکراو بۆ پلەی سێیەم چین؟

وەلام: تەوقەکردن بەپیانانی پەنجەکەڵه بەنێوان پەنجەی براتوتەو بالا بەرزه دەبێت. وەووشەی یەکترناسین: (یتوبال).

وەهێماکان: سلاو ئەکرێت له پلەی دوو لەڕێگای داگرتنی دەستی چەپ کەنەختێك دووربێ له لەشەوه، وەلەپی دەست بەرەو ڕووی دەرەوه بێت.

بەلام هێمای یەکترناسین بەدانەواندنی سەر کەمێك، واته چەماندنەوەی سەر بۆپێشەوه

لەگەڵ دەسلێدانی ناوچەوان بە دەستی ڕاست زۆر بەنەرمی وەسێجار دووبارە ئەکرێتەوە.

وەهێمای لاوەکی هەیە بەدەستی ڕاست کەبەرز ئەکرێتەوە بە ئاسۆیی وەناو لەپ ڕوی لەخوارەوەیە، وەپەنجەکەڵە بەگۆشەیەکی وەستاو بۆلای چەپی ناوك، وەکۆتایی دێت بە کشانەوەی دەست بەخێرایی وەڕاگرتنی بەڕێکی لەگەڵ لەش.

وەهێمای پەژارەو مردن ، کەسێ شێوەی هەیە لە ئاهەنگی بەرزکردنەوەدا ئەنجام ئەدرێت وەلەهیچ کاتێکی تردا ئەنجام نادرێت .

وەهێمای شاهانە یان هیمای گەورە هەیە وە ئەمەش هیمای خۆشی و بەختەوەریە کەبە بەرزکردنەوەی هەردووباڵ بۆبان سەر ئەبێت وەناو لەپەکانیش بەرەوڕوی یەکترین.

وەتەوقەکرنیش بەم شێوەیە ئەبێت کە پەنجەکان بەباسکیەوە نووقاون وەك ئەوەی خۆی توونرگرتبێت پێوەی، وەئەم تەوقە کردنە بۆ پلەکانی پێنجە.

****

پ٥٢: ئایا ئاهنگی ماسۆنی لەهەموو وولاتەکان وەك یەکە یان جیاوازە؟

وەلاَم : بێگومان ئاهەنگەکان جیاوازە لەلەشارێکەوە بۆ شارێکی تر بەلاَم لە نهێنیاندا وەکیەکن وە ئاهەنگێکی کۆیلایەتیە.

جیاوازی هەیە لە ئاهەنگی ماسۆنی، وە ئەم جیاوازیانەش لە هەندێ وشە و تەوقەکردن بەلاَم هێماکان جێگیرن وەك یەکن و ناگۆڕێن.

بۆ نمونە لە ئێرلەندا لەئەنجومەنی گەورەی ئێرلەندا ئاهەنگ جیاوازە لە ئەنجومەنەکانی ئینگلیزی و ئیسکتلەندی، وەدەستەی چاکسازی وسەربە دەستەی ئەنجومەنی گەورەیە بۆبلاَوکردنەوەی ئەم ئاهەنگانە.

وە جیاوازە شێوەی گۆڕانەکان لە شێوازی ئامادەکردنی وەووشەی نهێنی و سوێندی

پیرۆزو وە مەراسیمی جەنازە.

وەجیاوازی لەئەنجومەنەکانی ئیسکتلەندی و ئینگلیزی لە ئاهەنگدا لەوانەیە سادەبێت هەرچەند بەپێی زۆریشی..وە بەو شێوەیە.

****

پ٥٢: ماورێکەم ووتی کە پەنجەی دۆشاو مژەی بۆ سەری درێژ کردبوو وەك ئەوەی شتێکی گرنگی بیرهاتبێتەوە: ئەبینین ئەستێرەی شەش تیشك لەماسۆنیدا وەك هێمایەکی سەرەکی یە بۆی، ئایا ئەو ئەستێرە شەش تیشکە چییە؟ ڕاستیەکەی چییە؟

وەڵام: سەبارەت بە گەڕانەوەئەم هێمایە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە، هەندێك بۆچونی وایە کەبڕیاردان لەسەر ئەم هێمایە وەك هێمایەك بۆجولەکە ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێغەمبەرداود سەلامی خوای لێبێت، بەڵام هەندێ بەڵگەی مێژوویی هەیە کە ئاماژە بۆئەوە ئەکات کە ئەم هێمایە لەپێش جولەکەوە بەکارهاتووە وەك هێمایەك بۆزانست ی شاراوەی وەك جادوو گەرێتی و چاوبەستن.

هەروەها بەڵگەش هەیە کە ئەم هێمایە بەکار هێنراوە لەلایەن هیندۆسیەکانەوە لەچوارچێوەی شێوەئەندازەییەکاندا کە بەکاریان هێناوە بۆڕادربڕینی بونەوەری میتافیزیکی، وەبەم هێمایانەیان ئەوت ماندالا Mandala وەهەندێك لەوانەی کە بڕوایان وایە کە ئەستێرەی داود بووەتە هێمای گەلی جولەکە لەسەدەکانی ناوەڕاست، وەئەم هێمایە بەراورد ئەکرێت بە مۆمدانی حەوتی کەبە کۆنترین هێمای بەنی ئیسرائیل دائەندرێت.

گەورەماسۆنیەکان وایدائەنێن لەئەوشێوەیەیە کە کێڵگەی ووزە پێکی ئەهێنێت لەدەوری گەشتیار کە گەشتئەکەن لنێوان دووجیهاندا جیهانی ئێمەو جیهانی جنۆکە، وەکێڵگە ووزەکان ئەوەی پێکینەهێنن کەناسراوە بەMerkaba.یان کەشتی بەزمانی

کوردی کەوا ڕێگە نەدات بەم جنۆکەیە بەگواستنەوە بەنێو دەرگاکاندا.

هەروەک ماسۆنیەکان وڕێکخراوی زایۆنیزمی وەهەندێ لەئاینە پەرستەکانی کۆن بەهێمای پیتاندن و یەککگرتنی جنسی دائەنێن، وەئەو سێگۆشەیەی کەڕوی بەرەو خوارەوەیە مەبەست لەمێینەیە وەسێ گۆشەکەیتر لەنێرینە. وەئەگەر سەرنجی سەربازەکانی ئەمەریکیت دابێت ئەم هێمایانە دائەنێن وەک پلەی سەربازی وەئەگەر هەڵیگەڕێنیتەوە بەرەو سەرەوە ئەوە هێمای نێرینەیە.وەهەرچەندێک هێمای نێرینەی زۆربێت ئەوە پلەت بەرترە.

وەئەستێرەی شەش تیشک لەهێمای میسری کۆنە کەوادائەنرێت کە میسریە کۆنەکان یەکەمجار بەکاریان هێناوە . وە لەئاینەکانی میسری کۆن ئەستێرەی شەش تیشک هێمایەکی هیرۆغلۆفی بوو بۆ زەوی گیانەکان، وەبەگوێرەی بیروباوەری میسری کۆن ئەستێرەی شەش تیشک هێمابووە بۆخواوەند((ئامسۆ)) کە بە پێی بیروباوەڕی یەکەم مرۆڤ بوو گۆردرا بۆ خواوەند وەناویشی بووە((حورس)).

لە ئایینی هیندوسی ئەستێرەی شەش تیشک وەک هێمایەک بەکاریان ئەهێنا بۆیەککگرتنەوەی هێزە دژەکان وەک ئاوو ئاگر، نێرومێ.

لەساڵی ١٩٦٩ کەنیسەی شەیتان ئەستێرەی شەش تیشک ی درووستکرد لەناوبازنەیەک وەک هێمایەک بۆخۆی، وە هەڵبژاردنی ئەم هێمایە ئەنجامە بۆهێمای بەناوبانگ لەکتابی پیرۆز ٦٦٦ کە ناوی هاتووە لە پێغەمبەرایەتی دانیال وەکەئاماژە ئەکات بۆ دەجال یان دژی مەسیح.

ئەستێرەی شەش تیشک بەکارهێنرا وەژمارەی ٦٦٦ لە ڕۆمانێک شیفرە دافینشی ساڵی ٢٠٠٣ لەنوسینی دان براون وەک بەشێک لە تیۆری پیلانەکە.

ئەمە ئەوانەن کە وتویانە دەربارەی ئەستێرەی شەش تیشک کەوا یەکێکە لە هێماکانی

ماسۆنی وەزۆرێك لە كۆمەڵەو ڕێكخراوەكانی پیلانگێری.

پ٥٤: لەلای ماسۆن ئەستێرەی پێنج تیشك واتای چیە؟ وەئایا لەهێماكانی پەرستنی شەیتان ئەژمێردرێت؟

وەڵام: بەڵێ ئەستێرەی پێنج تیشك پێی ئەوترێت ئەستێرەی شەیتان لای ماسۆنی وەبەندەی شەیتان، وەئەمەش هێمایەكی سیحریە واتا پەرستراو وەئەوەش شێوەیەكی هێماییە سوارچاكی هەیكەل بەكاری ئەهێناله مناسەباتە شاراوەكانیان.

وەئەمەش بریتیە لە ئەستێرەیەكی پێنج تیشكی پێی ئەوترێت ئەستێرەی عەزازیل The Star of Azazel هەردوو سەری هەڵگەراوەیە وەك شاخی بەران وەك هێمایەكی تەوراتی بۆ شەیتان.

وەبەشێوەی خاچی هەڵگەڕاوە ئەبینرێت ، بەلام سەری بزنەكە ڕێكە، وەئەمەش بەواتای سوك تەماشاكردنی ئەسڕانیە، وەپیرۆزڕاگرتنی شەیتانە. كەواتە هەركێ دووپەنجەی هەڵبرێ وەك هێمایەك بۆ شەیتان ئەوەش لەڕاستیدا سوكایەتیە بەئەسرانی و وەپیرۆزكردنی شەیتانە. وە باسی عەزازیل هاتووە لەتەوراتی عیبری شێوێنراو:

( هارون نێریەكان ئەكاتە دووبەشەوە بەشێكی بۆ خودا وەبەشێكی بۆ عەزازیل * وەهارون نزیك ئەبێتەوە لەونێریەی كەلەقورعە دەرچوو بۆخودا وەئەیكاتە قوربانی گوناحە* بەلام ئەو نێریەی كەبەتیروپشك دەرچوو بۆعەزازیل ڕاپەوەستێنێ بەرامبەر بەخوا بەزیندوویی بۆئەوەی لێی خۆشبێت بۆئەوەی بینێرێت بۆ عەزازیل وە لە چۆڵەوانی وبەرەڵای بكات [اللاوين:١٦/ ١١:٨]

( وەئەوەی نێریەكەی بەرەڵاكرد بۆ عەزازیل جلەكان ئەشوات و خۆی پاك ئەكاتەوە بەئاو، وەدوای ئەوە ئەچێتە دەرەوە) [اللاوين:١٦/ ٢٦ ].

پیتەعبریەكانی سەر تیشكەكانی ئەستێرەی پێنج تیشكە كە بەمشێوەیە

ئەخوێندرێتەوە لەسەرەتای سەری ئیشکی ژێرەوە بەپێچەوانەی میلی کاتژمێر. وەبە ئینگلیزی لۆیاثان (LVYTN) (درندەی کێوی هێمایە بۆ شەڕانگێزی لەکتابی المحرف ـ وەرگێڕدراو ) کەوا دانەنرێ بەدڕندەی دەریایی لە ئەفسانەکانی جولەکە. لۆیاثان چەند واتایەکی ئالۆزی هەیە، زۆربەی ڕێکنەکەوێ لەگەڵ بەکارهێنانیدا لەهێمای سیحری بۆ ئەستێرەی شەیتان Baphometلۆیاثان بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەشەیتان، وەکتابی چوارەم لە تەوراتی شەیتانی پێی ئەڵێن کتابی لۆیاثان (Book of Leviathan).

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ویکنیوز ، قەشەی گەورە بیتەر ه.جیلمور وەسفی واتای هێماکەی کرد: سەری گیسکەکە واتای (پەیوەندی جنسی)، لەگیسکەکانی میسری کۆن چەند هێمایەکیان دانا وەك هێمای ئالۆش بۆی وەوای بۆدەچین کە ئارەزوی جنسی هۆکاری سەرەکی زیندوە کەپارێزگاری ئەکات لە بەردەوامی مرۆڤایەتی، وەلەبەر ئەمە ڕەچاوی ئەوە ئەکەین.

ئەستێرەی پێنج تیشك لە فیساغۆرسینەکانەوە هاتووە، ئەوشێوە یەککرتووەی کەپێکی ئەهێنێ لەهەموو توخمێك بە واتای ئالتونی یەك بۆنەوی تر.

ئەم هێمایە ئەندازەییە ئەبێت بۆ جوانی، بەشێوەیەکی دیاریکراو جوانی ئەندامی. لەبەر ئەوەی ئێمە بەئەندامێتی ئەژین وەچێژ وەرئەگرین بەفیکرەی جوانی خۆمان، بۆیە ئەم ئەستێرەیە گونجاوە بۆمان لەو ڕووەوە وەگونجاوە بۆسەری بزنەکە لەناوەوە. ئێستا دوبازنەی لەدەوردایە، یەکێکیان لەتەك خاڵی سەری تیشکەکانەوەیە وەیەکێکیش لەدەرەوە. تیایدا هێمای عبری دەست پێدەکات لەبنکەوە ئەڕوات بەهیجانی لۆیاثان بەپێچەوانەی میلی کاتژمێرەوە. لەئەفسانەی عیبری لۆیاثان ئەژدیهای زەبەلاحی جەهەننەمە، ئەمەش شێوەی زەوی بەهێزە کەوا لێی ئەترسن بەتەواوی.

لەبەر ئەوەهەموو ئەم شتانە پێکەوە هێمایەك دروست ئەکەن کە ئەتنون لیفی

جیاکردووەتـەوە پەرستنی شـەیتان بـەدیاری کـراوی .( کاتێـك کەنیسـەی شـەیتان دەستپێکرد، شۆڕکردنەوەی خـاچ سـەربەرەو خـوار) وەبەشـەیتان ئـەژمێردرا، وەئـەم ڕەگەزە جیـاواز ئەبینـدرێت وەهەسـتکردن پێـی هێمایـەکی پۆزەتیڤانـە بـوو ئـەتوانێت یەکبگری بە دامێنانەکەی پەرستنی شەیتان)).

****

پ٥٥: هەندێ کەسایەتی جیهانی ئەبینین وەك جۆرج بۆش و کەسانیتر کەئاماژە ئـەدات بەهێمای دەبل یوی بەناوبانگ، ئایا ئەمە واتای چییە؟

وەڵام : ئەو هێمایە مەبەست لە شاخی شەیتانە وەئەم هێمایە هێمای شەیتانە وەچەند جارێك جۆرج بۆش ئامژەی پێدەکرد نەتـەنها ئـەو بـەڵکو زۆرمـەن لەکەسایەتیە سیاسیە بەرزەکان، وەئەمەش ئاماژەیە بۆ دڵسۆزیان بۆڕێکخراوەکانی جادوگەرانی ماسۆنی کەسەر بەو ڕێکخـراوەن. وەئـەم هێمایـەش نیشـانەی دڵسـۆزی و سـلاوکردنە لـەنێوان بەنـدەکانی شەیتان.

هەروەها ئەنتۆن لیڤی دامەزرێنەری کەنیسەی شەیتان بەکاریهێناوە هێمـای ئاشـتی وەك پێشینەیەك بۆکوشتارەکەی.

وە خۆر هەڵدێ و ئاوادەبێـت لـەنیوان شـاخەکانی شـەیتان هـەروەك لـە فـەرمودەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لێبێت) هاتووە ، لە((سەحیحی موسلیم)) دا (عـەمری کـوڕی عەبسە خوا لێی ڕازی بێت دەگێڕێتەوە: ووتم: ئەی پێغەمبەری خوا باسێکی نوێژم بۆبکە، فەرمووی: نوێژی سپێدەی بەیانیەکەت بکە، پاشان واز لەنویـژکردن بهێنـە تـا ئەوسـاتەی خـۆر هەڵـدێت و بـەرز دەبێتـەوە، ئەوسـاتەی هەڵـدێت لـەنێوان دووقۆچـی شـەیتانەوە هەڵدێت، کافرەکـان لـەو سـاتەدا سـوجدەی بـۆ خـۆر دەبـەن، پاشـاننوێژی خـۆت بکـە، کەفریشتە ئامادەی دەبن، تائەوساتەی خۆر وەك ڕم لەئاستی سەرتە، پاشـان واز لەنوێـژ

بهێنە چونکە لەوساتەدا دۆزەخ کڵپە دەسێنێت، کاتێک سێبەرهات بەرەو خۆرئاوابوون چوو نوێژەکەت بکە کەفریشتە ئامادەی دەبن، پاشان نوێژی ترمەکە تاخۆر ئاوا دەبێت، کە ئاوابوو لەنێوان دوو قۆچی شەیتانەوە ئاوا دەبێت، ئەوکاتەش کافرەکان سوجدە بۆخۆر دەبەن.

هێمای شەیتان کە ئیشارەتە بۆ شاخەکانی شەیتان بە W ناسراوە وە( دەبل یو ) ڕستەیەکی ئیسپانیەکورتکراوەی ووشەی((Diablo Blanco )) واتە (( شەیتانی سپی )) وەئەم ووشەیە بەکاردێت وەك ناوێکی دستیارکراو لەلایەن هەندێك لە شەیتانەکانەوە. وەپەندی گەلی ئینگلیزی سەردەم ئەڵێت (( شەیتانی سپی خراپترە لە شەیتانی ڕەش)) ((The white devil is worse than the black )) وەئەمەش پەندێکە بەسەر ڕاستەقینەکەیاندا ووتراوە لەوشێوە پرشنگدارەی کە خۆیانی پێئەناسێنن.

****

ـ پلەی فەرماندەی سوارچاکانی گۆرەپانی ڕێز : ( Knight commander of the Court of Honor ):

هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەم پلەیە لەلایەن ئەنجومەنی باڵاوە ئەبێت لە هەڵگری پلەی ٣٢ بێت بۆماوە ٤٦ مانگ لەپێش بەستنی کۆبونەوەکە، وەهەڵەبـژێردرێن بۆخزمەتکردنیان بۆماسۆنی یان بۆمرۆڤایەتی لەلایەن سەرپەرشتیاری گشتی گەورە یان جێگرەکەی. وەبۆ خاوەن ئەو پلەیە کڵاوێکی سور لەسەر ئەکات. وەنابێت بۆهیچ کەس بێتە پێشەوە بۆبەدەسهێنانی ئەم پلەیە .

ـ پلەی ٣٣ (سەرپەرشتیاری گشتی ڕێزدار Inspector General Honorary):

هەڵبژاردنی وەك پێشەوەختی خۆی کە دوای ٤٦ مانگ تێپەڕبونی بەسەر بەدەسهێنانی پلەی سەرۆکی سوارچاکی پایە بەرزی، وە خزمەتگوزاری باشی پێشکەش کردبێ بە ماسۆنی یان مرۆڤایەتی، وەهەروەك پێشوو نابێت خۆی بۆ هەڵبژێرێت.

خاچی گەورەی گۆرەپانی ڕێز ، یان پلەی ٣٣ کارا ( Grand Cross of the Court of Honor)

وەئەندامەکانی چەندانێکی کەمن هەڵئە بـژێردرێن بۆخزمەتگوزاریە تایبەتەکانیان بۆماسـۆنی، وەلەوانـەش هەڵبـژاردنی سـەرۆکی فـەرمانڕەوای گـەورە، وەئەندامـەکانیان ئەندامانی ئەنجومەنی باڵایە بۆ ئاهەنگی ئیسکتلەندی وەلەم پلەیەدا ئەمێننەوە بەدرێژایی ژیان یان هەتا توانای تەندروستیان ئەبێت.

پ٥٦: دوای پشودانێك هاورێکەم گەڕایەوە سەرپرسیارەکانی، وەپێمی ووت: حەزەکەم شارەزایم هەبێ لەسەر ئەو ڕێکخراووکۆمەڵانەی کە بونەتە لقی ماسۆنی وەکە لە ئەوروپاو ئەمەریکا بەبرایان ناسراون وەپرسیارەکەش ئەوەیە: برایەتی یان بەهێزترین ماسۆنی چییە لەجیهاندا؟

وەڵام : برایان زاراوەیەکە بەکۆمەڵەکانی ماسۆنی ئەوترێت بەچەند ناوێکی جۆراو جۆر لە جیهان، وەئەوەش ناوێکی نوێیە لەناو کۆمەڵگا نوێیەکان و گەنجان وەجەماوەر ڕادەکێشێت وە هەڵی ئەخەڵەتێنێ.

وەدوای دەرکەوتنی پیلانەکانی ماسنۆنی وە پشتلێکردنی زۆرێك لەوانەی لەگەڵیانبوون لەجیهاندا وەبە تایبەتی لەووڵاتە عەرەبیەکان کە ئەنجومەنەکانیان داخست وەك میسر و سوریا وە چەندانی تر لە شەستەکاندا، ماسۆن پەنای برد بۆ گۆرینی ناوی ماسۆنی بۆ(( ليونز )) و ((ڕۆتاری )) وەناویتر کە ئەندامان و لایەنگرانی ڕاکێشێت، وەچالاکیەکانی دادەپۆشێت بە داپۆشەری کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و کاری خێرخوازی.

****

پ٥٧: ئایا بۆمان هەیە ناوی باڵەکانی ماسۆنی بزانین کەلەجیهادا بلاًو بوەتەوە؟

وەڵام: باڵەکانی ماسۆنی لەجیهاندا گەلێك زۆرە وەناوەکانیشیان جیاوازە وە ئامانجەکانیان بێگومان یەکە. بۆنمونە هەندێکیان باسدەکەین:

ـ برایەتی دار سنەوبەری لبنانی درێژ : ساڵی ١٩٠١ دامەزرا وەبنچینەکەی ئەگەڕێتەوە بۆساڵی ١٨٤٣ کەپلەیەك بوو لەپلەکانی ماسۆنی کەئەدرا بە ووڵاتە یەکگرتووەکان، وەئەندامیەتی دوز پلەی ماسۆنیە، وەداپۆشینی کردارەکانی خێرخوازیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی نەخۆشیەکانی ماسولکەکان و دەمار وەبارەگاکەی لە هاریسبورج لە ولایەتی بنسلفانیا لەئەمەریکا.

ـ یانەکانی ناوەڕاستی ڕۆژ: ئەمەش یانەیەکی ماسۆنیە((ئەی سی)) دایمەزراند وەلەبەر ئـەوەی (( Volvo )) لـە ولایـەتی (( ئـایۆ )) بـە لەئەمـەریکا دامـەزرا سـاڵی ١٩٢١، وەپێشینەی خوێندن ئـەدات بـەو گەنجانـەی سـەرکەوتوون وەبارەگاکـەی لـە ((سانت لویس)) لە وولایەتی مونتان.

ــ یانـەکانی نیـوە شـەو: مامۆسـتای ماسـۆنیەکان لـەخۆدەگرێت وەسەرپەرشتی سندوقەکانی خێزانەکانی ماسۆنی دەکات لەکاتی مردنی هەر ئەندامێکی ماسۆنی.

ــ یاسـای سوارچـاکی ماسـۆنیەکان لەئێرلەنـدا : وەئەندامیـەتی مەبەسـتی لەسـەر مامۆستاماسۆنیەکانە تەنها لەڕێگای بانگێشەوەیە وەپلە سەوزەکان ئەبەخشێت.

ـ برایەتی خۆشویستنی ڕاستەقینە: مامۆستای ماسۆنیەکان لـەخۆدەگرێت وەلەساڵی ١٩٢٨دامەزراوە وەیەکێك لەناو ئەندامەکانی ڕۆماننووسی بەریتانی ((ردیارد کیبلنج )) وە ئەمیش برایەتیە بۆ بەدواچونی فەلسەفەو مێژوو.

ـ برایەتی یاسای یەهوذای مەکابی : دامـەزرابۆ ئـەوەی ئاهـەنگی یۆرك ئامادەبکات بۆ ماسۆنیەکان ئەوانی مەسیحی نین یان ئارەزوویان لە سەربازی نیە، لە ڕەچەڵەکدا پلـەکانی ترە، وەئەویش هاوتای سەرکردایەتی سوارچاکە لە ئاهەنگی یورك.

ـ برایەتی هەڵقەی گەیاندنی چوارتاجەکەیە: وەمامۆستای ماسۆن لەخۆ ئەگرێت ئەوانـەی زانیاریـان هەیـە لـەبواری خوێندنـەکانی بلیمـەتی لەهونـەرو زانسـت و ئـاداب، وەئەمـەش پابەندە بە ئەنجومەنی چوارتاجەکە لە لەندەن کە تۆکەس لەڕوناکبیرەکانی ماسۆنی دایان مەزراند ساڵی ١٨٨٤.

ــ برایـەتی سوارچـاکی پـیرۆز ئەنـدرۆ: وەئەمـەش برایـەتی ماسـۆنیە(( ویلـدون جـود )) دایمەزراند کە پلەی ٣٣ی بەدەسهێنا ساڵی ١٩٩٣ وەئەندامان لـە بەدەسـهێنەرانی هـەمان پلـە، وەئامانجەکەشـی پاشـەکەوتکردنی چـالاکی بۆماسـۆنەکان کـە پلـەکانی ئاهـەنگی

ئیسکتلەندی .

ـ برایەتی ڕێکخراوی سێگۆشەکان : وەئەمەش تایبەتە بەکچان لەتەمەنی دە ساڵان بۆ بیست و یەك ساڵی، وەئیشی تەنها لەنیورکە وەساڵی ١٩٢٥ دامەزرا لەژێر ناوی ئەستێرەی ڕۆژهەڵات، وەناوی گۆڕدرا ساڵی ١٩٦١ بۆئەوەی ناوی ببێتە ڕێکخراوی سێگۆشەکان.

****

پ٥٨: ئەو ڕێکخراوەنە کامانەن کە سەر بە ماسۆنین؟

وەڵام: ڕێکخراو هەیە هەوڵی داوە بۆ دامەزراندنی ماسۆنی بەجولەکەکراوی نوێ وەکۆمەکی بکات وە سەرەتای ڕاستی بگەڕێنێتەوە بۆ ماسۆنی، وەگرنکترینیان کۆمەڵەی هێزی شاراوە وەکەلەدوایدا ناسرا بە (نورانیەکان)، وەبەترسناکترین ڕێکخراوی ماسۆنی کۆن و نوێ دائەنرێت وەئەمەش سەرکردەی فکرەی ماسۆنی جولەکەی پیلانگێری لەخۆ دەگرێت .

هەروەك باسمانکرد لەسەر دەستی جولەکەکانی ئالۆ وێرکەرانی دراو دامەزرا بەهۆی ئادەم وایز هاوبت (١٧٤٨ ــ ١٨٣٠ ) وەکاتێك کەلێی قەدەغە کرا ئەنجامدانی چالاکیەکانی پلانگێڕی لە بافاریا((ئەڵمانیا)) ساڵی ١٧٨٤ وەئادەم وایز هاوبت دەرکرا لە کەنیسە لەدوای ساڵێك، وە ڕێنمایی دەرچوو بۆنورانیەکان بەگۆڕینی کەمەڵێك ماسۆنی کرداری بۆماسۆنی شینی جولەکە.

بەڵام ڕێکخراوی نورانیەکان تائێستاش لەچالاکیەکانیان بەردەوامن،کاتێك یەکەم ئەنجومەن دامەزرا بۆیان لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەنیورك ساڵی ١٧٨٥

لەژێرناوی ئەنجومەنی کۆلۆمبیا کەناوی گۆردرا بۆئەوەی ببێتە زوکفلەر لەیەکەمی سەدەی بیستەمی ڕابردوو.

وە درووشمی ئەو ڕێکخراوە هەیە لەسەر یەک دۆلاری ئەمەریکی. وەنورانیەکان ئەوان لقی کردارین بۆ ماسۆنی، کە سەرپەرشتیاری جێبەجێ کردنی پیلانە سیاسیەکانیان ئەکەن.

وەئەم ڕێکخراوەیە کە فەرمانڕەوایی کارە گرنگەکان ئەکات کەتایبەتە بە جیهان وەڕاستەوخۆ کارئەکات لەژێر فەرمانەکانی مەسیحی جولەکەی دەجال، وە دامودەزگای گەورەی هەیە لە جیهانـدا فەرمان ڕەوایی ئەکات لەدروستکردنی دەرمان وەدژە ڤایرۆسەکان کەهەرخۆی دروستی ئەکات بۆلەناوبردنی مرۆڤ ، وە کارگەو زانای هەیە لە کشتوکاڵ و پیشەسازیدا، وەهەمویان لەخزمەتی دەجالدان کاتێک دەرەچێت لەکۆتاییەکانی دونیا.

وەووشەی ئیلومیناتی یان (نورانیەکان )واتە ڕوناك کەرەوەکان یان هەڵگری ڕوناکی، واتە شەیتانی نەفرەت لێکراو، وەلەوانەی کە نازناوی ڕووناکەر یان خاوەن فکرەی ڕوناککەرەوەی لەخۆی ناوە.

وەترسناکی ئەم ڕێکخراوە بڵاوبوەتەوە لەهەموو جیهانـدا ئیشدەکەن لەتاریکی وەبانگەشە ئەکەن بۆ ڕژێمێکی جیهانی نوێ، وە هەموو پیاوانی وولاتەکان لەوانەش:

ـــ ئەنجومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە: وەئەمەش دامەزراوەیەکی ئەمەریکیە وەگەورەپیاوانی وولات و ڕامیاری لە ئەمەریکا وە پارێزگارە نوێیەکان، وەزۆریەی سەرۆکەکانی وولایەتە یەکگرتووەکان.

ـ برایەتی کەللە سەرو ئێسقان : ئەمەش برایەتیەکی ترسناکە ساڵی ١٨٣٢ دامەزرا لەناو زانکۆی بال لە وولایەتی کۆنیکتیکۆت بەهۆی (( ولیام ڕاسل هانتنجتون)) وە ((ئەلفونسوتافت)) وەبەبرایەتی مەرگ ناسراوە، وەئەمەش یەکێکە لە حەوت برایانی

نهێنی ئیشەكات لەناو زانكۆی ((بال)) ی ئەمەریكی وە ئەمانەن: پێچەرو كلیل، كتاب و مار، سەری گورگ، ئەلیاهو، برزیلیوس.

وەلەسەرەتادا ئەندامێتی كورتكرابووەوە بۆ زانكۆی ((بال)) لەمنالآنی خێزانەكانی ویلایەتی نیو ئینجلاند لەهۆزی پرۆتستانت كەپەیوەندی خێزانیان هەیە بەجولەكەی جیهانی مالی رۆتشیلد.

وەئەورێكخراوەكاریگەریكردە سەر رێكخراوەكانی نازی وەك كۆمەڵەی ((سوله)) كەكۆمەڵیەكی دایك بوو بۆ پارتی نازی كە لە ساڵی ١٩١٩ دامەزرا وەهەروەها كۆمەڵەی فریل.

وەلە ئەندامە بەرزەكانی رێكخراوی كەلله سەر: سیناتۆری ئەمەریكی روبەرت تافت، وەبرسكۆت بوس باپیری جۆرج بۆشی كوڕ، وەباوكی جۆرج بۆشی باوك، كەهەردووكیان سەرۆكی پێشوی ئەمەریكا بوون.

وەهەروەها جۆن كیری پاڵێوراو بۆ سەرۆكایەتی ئەمەریكی لەلایەن دیموكراتیەكانەوە ساڵی ٢٠٠٤، وەهەروەها وینستۆن لۆرد، وە هیو ویلسۆن ئەفسەری موخابەرات و موستەشاری ئەمەریكا لەیابان وەوەزیری نوێنەر لە سویسرا وەباڵیۆزی ئەمەریكا لە ئەڵمانیا وەپۆستی تریش.

وەرێكخراوەكە زۆرێك لە سیاسەتمەداران ی بەرز و پیاوانی موخابەراتی ئەمەریكی لەخۆ دەگرێت.

وەئاهەنگی پەیوەندیكردن بەرێكخراوەكە بریتیە لە سەردانی كۆمەڵێك لەپیاوانی رێكخراوەكە بۆ نیشتە جێكردنی خوێندكارەكە لە زانكۆی ((بال)) وەبەتووندی لەدەرگاكە ئەدەن وەكاتێك دەرگاكە ئەكرێتەوە پێی ئەڵێن: كۆمەڵەو ئێسقان ئایا رێگە ئەدەیت؟ ئەگەر وەرگیرا وتارێكی داخراو ئەدات بە شریتێكی ڕەش مۆرێكی لەسەرە بە مۆمی رەش

وەکەللەسەرونێیسـقانی لەسـەرە وەژمـارەی ٣٢ وەکـاتی ئامـادەکردنی ئاهـەنگی تەرخانکردنی لەسەرە.

وەلەئاهەنگی پەیوەندیکردن ئەندامە نوێیەکە ئەکرێتە تابوتێکەوە لـەدوای ئـەوەی کـە هەمووجلـەکانی لەبـەر دائەکەنـدرێت بۆئـەوەی ڕووتبێـت، وەبەدرێـژایی شـەو باسـی بەسـەرهاتەکانی ئـەکات لەگـەڵ هاوڕێکـانی، وە دوای ئـەوە لەتابووتەکـە دەرئەچێت وەپۆشاکێکی ئەدەنێ کەچەند هێمایەکی لەسەرە وەئەندامێتی پێئەبەخشرێت.

وەئـەو ئاهەنگانـە ئـەنجام ئـەدرێت لـە دالأنێکـدا کەلـە قەبرسـان ئەچێت لەسـەرەوە دەستەواژەیەك نووسراوە(( کێ گێژە؟ کێ دانایە؟ کێ سواڵکەرە؟ کێ پاشـایە؟ هـەژاروو دەوڵەمەند هەمویان لە مردندا وەك یەکن )).

ـ ڕێکخراوی ڕۆتاری جیهانی: وەئەمەش یانەیەکی کۆمەلأیەتیە پارێزەر بـۆل هاریسی ئەمەریکی دایمەزرانـد لەسـاڵی١٩٠٥ دایمەزرانـد لەگـەڵ هاوڕێکـانی وە هـەرجارەی لـەماڵی یەکێکیان یەکیان ئەگرت بەنۆرە وەیانەکەشیان ناونا بەیانەی ڕۆتاری بەواتای (( نۆرە)).

وە لـە پاشـاندا لقیـان کـردەوە لەهـەموو جیهانـدا، وە یەکـەم لقیـان لـە خۆرهـەلأتی ناوەڕاستدا لە فەڵەستین بوو ساڵی ١٩٢٩ دوای ئەو لە میسر وەدوابەدوای لەهەموو وولأتـە عەرەبیەکان، وەلەدوای هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکانی ماسۆنی لە وولأتە عەرەبیـەکان یانەی ڕۆتاری لەجیاتی داندرا.

پ٥٩: باستکرد کەڕۆتاری یەکێکە لە باڵەکانی ماسۆنی، ئایا ئەتوانی ڕۆشنایی بکەیتە سەر ئەو یانانەی بڵاوبوەتەوە لەجیهان وەبەتایبەتی لە وولاتە عەرەبیەکان؟

وەلام : بەڵێ یانەی ڕۆتاری بڵاوبووەتەوە لە جیهاندا وەبەتایبەتی لە وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی، وەئەمەش یانەو کۆمەڵەی ماسۆنیە لەڕووکەشدا بەبەزەییە وەلەژێریشەوە پیلانگێری و دوژمنایەتیە بۆ عەرەب وئیسلام.

باسمانکرد کە لەساڵی ١٩٠٥ دامەزرا لەئەمەریکا بەدەستی پارێزەر بۆل هاریس کە ناسنامەو ئاینی نەزانراوە وەسێ هاوڕێی لەگەڵدایە کەئەمانەن: سیلڤستەر شیلی(بازرگانی غەلون) وە جوستافوس لوير (ئەندازیاری کانەکان) وە حیرام شوری (بەرگ درور)، وەکۆبونەوەیان ئەبەست بە نۆرە هەرجارەی لەماڵی یەکێك لە ئەندامەکان، وەئامانجی دیاریکراوی خزمەتکردنی ئەوکۆمەڵگایەی یانەکە ئەکەوێتە بازنەکەیەوە وە پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان ئەندامان.

وە لێرەشدا دامودەزگای ڕۆتاری هەیە کەسەر بە ڕۆتاری جیهانیە تایبەتەبە بەدیهێنانی دەسکەوتی خوێندن و پیشە،

هەروەها بەدیهێنانی پاڵپشتی سەروەت و زانیاری بۆ پرۆژە خزمەتگوزاری کە یانەکانی ڕۆتاری پێی هەڵدەستێت لە سەرانسەری جیهان. لەساڵی ١٩١٧ ئەرش کلومف دایمەزراند سەرۆکی شەشەم بۆ ڕۆتاری جیهانی. وەبوجەکەی لە ساڵی ٢٠٠٤ ـــ ٢٠٠٥ گەیشتە نزیکەی ١١٨ ملیۆن دۆلار.

وەپاشەکەوتکردنی هاوکاری ساڵانە بۆ نزیکەی ١٢٠٠ خوێندکار، وەلەو پرۆژە گرنگانەی کە ڕۆتاری هاوکاری ئەکات ئیفلیجی منالانە لە هەموو جیهان.

**ئەو ڕێکخراوانەی کەسەر بە ڕۆتارین وەك:**

ـ ئەنرۆیل: وەئەمەش ڕێکخراوێکی تایبەتە بە ژنانی ڕۆتاری، بەڵام وەرگرتنی ئەندام کەمکرایەوە لەدوای ڕێدانی ڕۆتاری بەبوونی ئەندامانی ژنان لەناو ئەم یانەیەدا.

ـ ڕۆتارئاکت: وە ئەمەش ڕێکخراوێکە بۆگەنجانی کوڕان وکچان لەنێوان ١٨ ــ ٣٠ساڵ هەڵئەستن بەپرۆژەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر هەروەها هەڵئەستن بە گەشە پێدانی چالاکیەکانیان. وە هیچ یانەیەکی ڕۆتارئاکت دانامەزرێت تەنها بە سەرپەرشتی یانەی ڕۆتاری نەبێت.

ـ ئینترئاکت: ئەمەش ڕێکخراوێکە بۆ گەنجانی کچان و کوڕان کەتەمەنیان لە ١٨ ساڵ کەمتر بێت وەهاوشێوەی (ڕۆتارئاکت)ە .

وەلە ڕۆتاری جیهانی بەخشین و مەدالیا دەردەچێت وەك:

هاوڕێیانی بۆل هاریس : وەئەمەش بڕوانامەیەکی ڕێزلێنان ومەدالیایەکە ئەبەخشرێن بەوکەسانەی کە ١٠٠٠دۆلاری بەخشیبێت بە م دەزگایە، وەهەرچەندە کەسێك زیاتر ببەخشێت ئەوەندە زیاتر مەدالیای جیاوازتر بەدەس دێنێت، وەیانە یان ئەندام ساڵانە ئەتوانن ببەخشن بۆئەوەی ئەم بڕوانامەیە بەدەست بێنن، وەپێشبڕکێی ساڵانە ئەنجام ئەدرێت بۆ ئەم مەبەستە بۆهاندانی ئەندامان و یانەکان بۆ پێشبڕکێکردنی بەخشین، وە بەخشینەکە ئەدرێتە دامەزراوەی ڕۆتاری.

****

**پ٦٠: پەیوەندی ڕۆتاری بە ماسۆنیەوە چییە؟**

وەڵام: چەندسەر سەرچاوەیەك باس لەوەدەکەن کە ڕۆتاری وێنەیەکی تری ماسۆنیە، وەڕۆتاریش تاماوەیەکی زۆر نکۆڵی لێکرد، بەڵام دەستەی مێژوی سەد ساڵەی ڕۆتاری

باس لەوەنەکات کە پەیوەندی نێوان ڕۆتاری و ماسۆنی پەیوەندییەکی کۆنە، هەروەها ئەنجومەنی ماسۆنی هەیە بەئەنجومەنی ڕۆتاری ناسراوە کە ئەندامەکانیان کۆکراونەتەوە لە نێوان ئەندامێتی ماسۆنی و ڕۆتاری.

لایەنە ئیسلامییەکان سورن لەسەر ئەو فتوایەی کە نابێت پەیوەندی ببەستی لەگەڵ ڕۆتاری و ماسۆنی وەك ماڵی فەتوا لەمیسر و سعودیا وە هەروها لە ڤاتیکان.

پێویستە لەسەر ئەندامانی ڕۆتاری جیهانی لە چوارچێوەی بەرنامە بۆگەنەکەیدا بەبانگخوازی برایەتی وڕێزو لێك تێگەیشتن لەنێوان گەلاندا وەرق بەکارنەهێنن بەرامبەر هیچ کەسێك لەسەر ڕوی زەوی وەهیچ توانایەك لەدەست نەدەن بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی کەسانی تر.

هەندێ کەس واگومان ئەبەن کە ئەمە هیچ لێڵیەکی پێوە نیەو وە ووتەی چاکن.. بەڵام ئامانجی خراپەی شاراوە لەپشت ئەم بانگەوازەوە درێژەی دوژمنایەتیمانە بۆ هەرکێیەك کە خاکمان داگیر بکات و سەروەریمان پێشێل بکات، هەروەها تێکەڵبوون لەگەڵیاو هەڵسوکەوتکردنی، وە گرتنی خووەکانی، وەگەڕانەوەمان بۆسەرەتای سەردەمی نەزانی، وە حەلاڵکردنی حەرامەکان و حەلاڵکردنی ڕیباو پت پەرستن. وەبەپێی وتەکانیان: لاریمان نیە لە هاوکاری و هەڵس و کەوتکردن لەگەڵ ئیسرائیلی دوژمن و کەسانی دیکە.

هەروەها تەسلیم بوون بە ڕاستی هەبونی جولەکە لە خاکەکەمان وەپێویستە لەسەر ئەندامانی ڕۆتاری ڕێزی باوەڕپێکراوەکانی ڕۆتاری بگرن وە لەخۆیانەوە خۆیان فڕێنەدەنە ناو مەسلەکانی ئاینی و ڕامیاری، هەتا نەبنە هۆی شەرمەزاری بۆ برا ڕۆتاریە جولەکەکان کەنیشتەجێی خاکی عەرەبی داگیرکراوی فەڵەستینن وە بۆپتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان هاتوچۆی یەکتری ئەکەن و ئاڵوگۆرکاریان ئەکرد لە بەرژەوەندی و ڕێکەوتنی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و گەشت و گوزار و ئابوری و زانستی، وەڕۆتاریەکان پردێك بوون بۆ بڵاوبونەوەی گەندەڵی وە چاوێکی تێبڕاوبوو لەسەر ستراجیەکان، وەهەڵسوکەوتێك

بیروچێژەکان خراپ ئەکات.

وەلەیانـەکانی ڕۆتـاری لیژنـەی پسـپۆری پێـك ئـەهێنێت لەپەیوەندیـەکانی گشـتی و فراوانکردنەوەی ڕۆتاری، وەخزمەتکردنی کۆمەڵ و وەخزمەتکردنی جیهانی وە بەخشینی تایبەتی و ئاهەنگ و یاری و قومار، وە لیژنە بۆ پەروەردەکردنی گەنجان و منداڵان لەسەر بنەمای ڕۆتاری.

وەپێی ئەوترێت بە یانەی (ڕۆتراکت) بۆگەنجان لە ١٨ ــ ٢٨ساڵ.

وەیانەی (ئینتراکت) بۆمنداڵان لە ساواییەوە بۆ تەمەنی ١٨ ساڵ.

وە بۆ دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی فێرکردنی ڕۆتاری کە هەڵئەسێت بـە شوشـتنەوەی مێشکی نەوەکان لەمنداڵانی ئەندامانی ڕۆتاری، لیژنەیەك دامەزرا بەناوی ( یانەی ئەنرویل) ژن و خوشك و کچانی بە شووی ڕۆتاری ئەگرێتە خۆ بـۆ چـاودێریکردنی ئـەم دامەزراوەیە بەکردنەوەی دایەنگای تایبەتی بۆیان وەبەرنامەی پەروەردەیی گونجاو بۆ ئامانجەکانیان.

****

**پ٦١: ئەمانەوێ زیاتر بزانین لەسەر یانەی ڕۆتاری وە چۆنیەتی کارەکانی؟**

وەڵام: ئەندامــەکانی یانــەی ڕۆتــاری لــە ٢٠ ئەنــدام تێناپــەڕێ، هــەتا شــکۆمەندی و فراوانکردنەوەوبڵاوبونەوەی بۆ زیاد ئەکرێت، وەبەپێی ئەم زیادکردنە ـ دروستکراوە ـ لە ژمارەیەك یانەدا حکومەتی جیهانی یانەکانی ڕۆتـاری هەسـتا بـە دابەشـکردنی جیهـان بـە چەند ناوچەیەك کەژمارەی ئەگاتە(٤٣٠) ناوچە،وەك ئامادەکاریەك بـۆ دەسبەسـەراگرتنی بەسەر جیهاندا لەژێر دەسەلاتی حکومەتی دیموکراتی نا ئاینی کـە فـەرمانڕەوایی جیهـان ئەکات بەگوێرەی پرۆکۆلاتی ڕۆڵەکانی زایۆنیزمی شاراوەو ئاشکرا.

وەهەر ناوچەیەکی ڕۆتاری پێکدێت لە چەندیانەیەك پیاوێك سەرپەرشتی ئەکات بەپلەی (پارێزگار) وەمیسر لەناوچەی ٢٤٥ وەهەروەها سودان و ئۆردن و بەحرەین و لوبنان و قوبرس ئەگرێتەوە، وەئەو یانانەی کە لە فەلەستینی داگیرکراو بلاوبوەتەوە ئەگاتە ٤٤ یانە وە هەلگری ناوی ناوچەکە٢٤٩.

وە موحەممەد بەهیر ئەنەسی ئابوری ناسی میسری بەناوبانگ پارێزگاری ناوچەکەبوو سالی ١٩٨٥/١٩٨٦.

وەلە سالی ١٩٨٦/١٩٨٧ عەبدول رەحیم ئەمین سەرۆکی یانەی پێشوو لە خەرتومی پایتەختی سودان پارێزگاری ناوچەکە بوو.

****

پ٦٢: ئەمانەویّ کورتەیەك لەمێژوی ڕۆتاری لە میسر و وولاتانی عەرەبی باسبکەی بۆمان؟

وەلام: یەکەم یانە دامەزرا لەمیسر سالی ١٩٢٩زا لەهەمان هەفتەی کە یەکەم یانەی ڕۆتاری تیا دامەزرا لە فەلەستین.

وەلە سالی ١٩٨٦ ژمارەی یانەکان لەمیسر گەیشتە (٢٢) یانە کە نزیکەی (١٠٠٠) ئەندام لەخۆ دەگرێت، بەلام لە فەلەستین یانەکان گەیشتە (٤٤) یانە نزیکەی (١٥٠٠) ئەندام لەخۆ دەگرێت.

هەرچەند ئەم یانانە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی لە میسر بەدواچوونی بۆدەکات، بەلام ئەو بەدوداچونە شێوەی فەرمی لەخۆ ناگرێت.

وە جگە لە شوێن کەوتنی ئە مە بۆ دامەزراوەیەکی جیهانیە بۆیانەی ڕۆتاری زایۆنیزمی لەشاری ئیڤانستون لەویلایەتی ئیلینوی لەئەمەریکا..وەهیچ کامێك لەم یانانە ناتوانێت

گۆرانکاری لەپەیرەویەکانی ڕێکخستنی بگۆڕێت یان ئەندامێکی نوێ وەربگرێت یان یانەی نوێ بکاتەوە، تەنها بەمۆڵەت و لێدوان و یاداشت و ڕاپۆرتی تەواو لەسەر ئەندام یان ئەندامان،وەشوین، و باری کۆمەڵایەتی و سیاسی، وەهەرچەند بەرفراوانی کراوە بۆوەرگرتنی ئەم ئەندامە یان ئەو یانەیە بە حکومەتی ڕۆتاری، کە یەك موسوڵمان نەچووەتە ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیەکەیەوە لەکاتی دامەزراندنیەوە. وە دوای ئەوە حکومەتی ڕۆتار هاندەدات بۆ دامەزراندنی موسوڵمانێك لەئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتیەکەی بەنزیکی بۆبەشداریکردنی جولەکەوخاچپەرستەکان بۆئەرکی لەناوبردنی ئاینەکان وەهاوکاری بلاویونەوەی زایۆنی لەجیهان.

****

**پ٦٣: ئەندامەکانی یانەی ڕۆتاری کەی کۆدەبنەوە؟**

وەلام: ئەندامانی هەریانەیەکی ڕۆتاری هەفتەی یەك جار کۆدەبنەوە، واتە یانەی ڕۆتاری (٢٢) کۆبونەوەی هەفتانە ئەنجام ئەدات. وە(٩٠) کۆبونەوەی مانگانە بەبێ ئەوەی یەکێك ڕوو وەرگێڕێت لێی لەژێر پەردەی ساختەیی ڕەووشت کەپێی ئەڵێن تەنها ڕێزگرتنی هاورێیەتی نێوانیان

****

**پ٦٤: چی ڕوو ئەدات لە کۆبونەوەی یانەکانی ڕۆتاری؟**

وەلام: بەڕوکەشی دائەنیشن، پێکەوە قسەئەکەن یان خواردن ئەخۆن، بەلام لێرەدا مەبەستێکی تر هەیە، لە ئەرکەکانی سکرتێری یانەی ڕۆتاری ئەرکێکە نزیکە لە کاری مخابەڕاتی گشتی یەوە بۆ ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کەئیش ئەکا لە چوارچێوەی جیهان، ئەم سکرتێرە هەڵەسێت بەپێی کێشەکانی ڕۆتاری جیهانی بەناردنی ڕاپۆرت لەسەر هەرئەندامێك و یانەیەکی نوێ وەبەهەر موحازەرەیەك وە بەتەنگوچەڵەمەی کۆمەڵ

که خوێندنەوەی بۆنەکات یانەی ڕۆتاری لە ژینگەکەیدا.

وەلەو گاڵتەجاریەی کەلە کۆبونەوەکانیان ڕوئەدات هەروەها دکتۆر ئەحمەد عەباس ئەل دیب سەرۆکی بەشی کۆئەندامی میز لە کۆلیژی پزیشکی وەئەندامی ڕۆتاری پێشوو ئەڵێت:

سەرۆکی یانە دەستەکات بە کۆبونەوەی هەفتانە وەك جاران بە ووتنی(بەناوی ڕۆتاری) بەگەشەسەندنی (بەناوی گەل) یان بەناوی هەرشتێك تەنها( بەناوی خودای گەورەو میهرەبان ) نەبێت.

هەروەها دەستەکەن بە ووتنی سرودێك بەکۆمەڵ کە هەرئەندامێك لەبەری کردووە.. هەروەها هەموویان هەڵئەسن بەئەنجامدانی سەماکردن بەکۆمەڵی کەتایبەتە بەخۆیان وەئەمەش لەگەڵ خۆمدا ڕویدا کەلە کۆنگرەیەکی زانستی بووم لە شاری (جلاسجۆ) ساڵی ۱۹۸۰. وەدەسیانکرد بە (هەڵبەزینەوە) وەئێمەش (هەڵەبەزاینەوە) وەك ئەوان. وەهەروەها دانیشتین لەدەوری مێزی نان خواردن بۆ چەپڵە لێدان.

وەلەسەر مێزی نانخواردن زۆریەکەمی ژنی ڕۆتاری لێنیە ـ وەئەمەش لەمیسر ـ یان ژنی یەکێك لەئەندامانە یان سکرتێری تایبەتە. وە بێگومان ئەمەش بەیەك گەیشتنی گرنگی دانیشتوان و گاڵتە جوان وپێماناکانیان وە سوك و گرانەکانیان، وەلەبیرمان نەچێ هەرجارە ناچاریَ سەیری مێردەکەی بکات بەزەردەخەنەیەکەوە، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەهاوکاریکردنی یەکگرتن و پەیوەستبوون بە خۆشەویستی لەنێوان ڕەگەزەکاندا وەئەمەشم بەچاوی خۆم بینی وەبینیتیان هەریەك لەوەی کە قەدەری لەسەربوو بیبینێ وەك ئەم کۆبونەوەیە.

وەدوای نانخواردَ یەکێك دەستەکات بە ناساندنی میوانەکان و ئەوانەی بۆسەردان هاتوون، وەلەدواهەرناوێك چەپڵەیە، پاشان دەنگێك دێت لە یەکێك لەئەندامەکان یان

هەموویان بۆ بەخشینی سەد جونەیەه یان زیاتر یانکەمتر..یان داوا ئەکرێت لە هەندێك ئەندامی خاوەن شەریکەی تایبەت بە بەخشینی بڕێك لەئوتو یان گەرمکەر یان هەوا گەرمکەر یان .. دواجار کۆتایی بەکۆبونەوەکە ئەهێنن بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی کەدانراوە بەگوێرەی بۆچونیان ( لەکۆتای دیموکراتیەوەیە) وەمەبەستی (کۆتای ڕاستییەکە دڵ ئەمەیێنێ وە سنگ شەقئەکات بەوەی کە ئەم وەسفە ئەوە( کۆتای ئەوەی کە پێی ئەڵێن ڕێخستنی چۆنیەتی کەپێگەیی لە سێبەریدا بە(دیموکراتی).

****

**پ٦٥: گرنگترین سەرچاوەکانی کۆمەك کردنی یانەکانی ڕۆتاری کامانەن؟**

وەڵام: ئەندامی ڕۆتاری پابەندە بەپێدانی باج و بەشداربونیان. وەهەموو سەرچاوەی ڕۆتاری ئەمەیە:

١ ــ باجی پەیوەندی.

٢ ــ باجی بەشداری ساڵانە.

٣ ــ باجی بەشداربوون لەگۆڤاری ڕۆتاری جیهانی.

٤ ــ باجی بەشداربوون لەگۆڤاری ڕۆتاری ناوچەکە.

٥ ــ باجی بەشداربوون لە هەڵواسراوی یانەی نهێنی.

٦ ــ باجی هەندێك پەرتووك کە ڕۆتاری چاپی ئەکات.

٧ ــ بڕێکی دیاریکراو بە دەست دێت هەفتانە لە هەموو ئەندامێك کە ئامادەی خواردنی نانی بەیانی یان نیوەڕۆ یان ئێوارەی ڕۆتاری بێت.

٨ ــ بەخشین و هاوکاری و پشکەکان کە سەرۆکی یانە ئەی سەپێنێ بەشێوەیەکی پێشنیار لەسەر یەکێك یان هەموو ئەندامان.

٩ ـ نرخی( ماوڕێیەتی بۆل مارس) کەبە هەزار دۆلار دانەنرێت.

١٠ ـ پشکەکان لەبازاردا.

١١ ـ بەشداربوون لە پێشبڕکێی یانسیب ی ڕۆتاری.

١٢ ـ ریکلامکردن بۆ کۆمپانیای ئەندام لەگۆڤار یان بڵاوکراوەی یانەکە.

١٣ ـ پشك لە ئامەنگەکانی گۆرانی بەکڕینی ژمارەیەك پلیت بۆنەو کۆمپانیایە یان ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی کەئەندامەکە کاری تیادەکات وەبە کۆمپانیاکان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی کەرتی گشتی.

بودجەی دامەزراوەی ڕۆتاری بۆ گەرمکردنی بازاڕی داوێن پیسی ودژایەتی کردنی ئاینەکان، گەیشتە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن دۆلار ساڵی ٢٠١١ زا لەبەشداربوانی ئەندامانی یانەکانی ڕۆتاری و بەخشینەکان و بەشداربوون.

بەشی میسر تیایدا سفر بوو(٣٠) گەنجی کوڕو کچ یەك لەدوای یەك لە خەڵاتی شوشتنەوەی مێشك کە پێی هەڵسان لەلایەن خێزانێکی ڕۆتاری لەو شارەی کە گەشتیان بۆنەکرد وەك ئەمەریکاو بەلجیکاو ئینگلتەرا و فەرەنسا.

بەڵام بەرنامەی گۆڕینەوەی گەنجان کە ئەم ڕێکخراوە وێرانکارە سەرپەرشتی ئەکات فەوجێکی لەگەنجانی کوڕو کچ ی میسری بڵاوکردەوە لەلای ژمارەیەك خێزانی جولەکە لە فەڵەستینی داگیرکراو لەچەندسالانێکی درێژدا..

دامەزراندنی فەوجێك لە گەنجانی کوڕو کچ ی جولەکەی داگیرکەری ئیسرائیلی لەلایەن ژمارەیەك لە خێزانەکانی میسری ڕۆتاری ئەوەش لەزنجیرەیەك قۆناغی شوشتنەوەی مێشکی گەلی میسری، وە ئەمڕووداوە فەرزکرا بەم ڤایرۆسی سەرەتانیە لەدڵی جیهانی ئیسلامی.

لەبەرئەوەی ئەم فەوجانە گۆڕانکاریان پێدەکرێت لەژێر ئالآی ئاشتی جیهانی

وەهاوکاری ڕێکەوتنی جیهانی، پێویستە لەسەر هەموو گەنجانی کوڕان و کچان بۆ ئەمدەسکەوتە زۆر چاك تێبگەن لە ڕۆڵی خۆیان بۆ بەرەنگاری بونەوەی ئەو تیرۆرستانە لەچەندەها گەنجانی فەلەستینی کە دەستدرێژی ئەکات وەخۆی هەڵئەکێشێت وەئەبێتەهۆی گورجوگۆڵی بە هۆی پارچە زەوییەك کە تیایدا لەدایك بووە کە باووباپیرانی بە خوێن و ئارەق ئاویانداوە ! !

وەپێویستە لەسەر گەنجان کەئاشتیان بەخشیوە بە ڕۆتاری ڕاوی ئەو تونرەوانە بنێن وەدەریانبکەن وە ئاشکرایانبکەن، لەبەرئەوەی بەسوور بونیان وەئامادەییان وەخۆبەختکردنیان لەپێناوی ئاشتی جیهانی وەترساندن بە برایەتی وتێگەیاندنی جیهانی کەسەرانسەری ئاوەدانی ئەگرێتەوە لەژێر چەتری ماسۆنی گەورە و وەدرووشمە بریقەدارەکانی (برایەتی، سەربەستی، یەکسانی).

لەمەرجەکانی پەیوەندیکردن بەرۆتاریەوە پێویستە ئەندام پابەندبێت بەنمونەی بەرز وەپلەیەکی سەرکردایەتی هەبێت یان پایەیەکی وای هەبێت کە ببێتە پێشەوای ئەوانەی لەگەڵی کاردەکەن، وەلەبەر ئەمەش پەیوەندیکردن بەڕۆتاری بە ویستی کەسەکە خۆی نییە یان بەپێشکەشکردنی داوکردن لەترسی ئەوەی ئەو مەرجانەی تیانەبێت.

کەواتە ئاگاداربوون لەوەرگرتنی کەسایەتی کاریگەر لەسەر کۆمەڵگاکەمان ئەوە بۆمەبەستی فراوانبونەوەی پارچەیەکە کە ڕۆتاری بانگەشەی تیابکات، وەجیاوازی نیە لەوەی کەزانیاریە ئاینەکان بانگەشەی بۆئەکەن.

بەشێك لەیانەکانی ڕۆتاری زیاتر لەچل ساڵی بەسەریاتێپەڕیوە بۆهیچ کامیان ڕوونئەبوەتەوە کە تەوژمی نهێنی هەبێت یان ئاراستەکراوی گومانـاوی یان پەیوەندی تایبەتی لەهیچ دامەزراوەیەکی ماسۆنیدا، وەڕەچاوی ئەوە نەکراوە کە دەسەڵاتی سەهیۆنی چووەتە ناو زۆربەی دامودەزگاکانی وولاتان کە میسر بەشداری تیادەکات، ڕۆتاری جیهانی دەسەڵاتی تایبەتی هەیە چاوی بڕیوەتە ئەوەی کە ئیسرائیل

وە زیاتریش چالاکیەکانی وە دەرکەوت دەسەڵاتەکانی ماسۆنی لبنانی بێلایەنە
ومیەکانیان حکومەتی گەورەی لوبنانی. وە لبنان گەشەی سەند لەڕوی ماسۆنیەوە
دەرکەتی دەوڵەمەندی فیکری لە پیاوانی زانست و کۆمەڵ ئەوانەی کە چونەتە ناو
ئەنجومەنەکانەوە وە ناوەکانیان کۆنووس کراون لە چەندین پێداچوونەوە، وەلەهەموو
گەڕاوەیەکتدا وەکاری ئەنجومەنی ماسۆنی ڕانەوەستا لە لبنان. وەئەمڕۆ ماسۆنی
لەلبنان ماسۆنیەکی چالاک و بەبەرهەمە، وە هەڵگری مەشخەڵی برایەتی و
هاوکاریکردن و کراوەن بۆ ئەوانەکان کە مێژووەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ سەدەها ساڵ.

ئەمڕۆ ئەنجومەنەکانی نیشتیمانی و ئەنجومەنەکانی بیانی پەیوەندی برایەتی یان
پەیوەندی ئەگرنەوە لەنێوان خۆیاندا هەروەها کردنەوەی ماسۆنی لوبنان بۆ ماسۆنی
جیهان بەشداریکردن بوو بۆ گەشە پێکردنی و دەوڵەمەند کردنی.

وە ئەوەی ئێستا ئەیبینین لە لبنان لە شەڕی ناوخۆیی و تیرۆرکردنی بەردەوام لە
کەسایەتیە سیاسیەکان و گشتیەکان لەپشتی ماسۆنیەوەیە.

****

